کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
12-9-2007 16:02 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**سیئۆل \ کۆریای باشور**
Aram_yaseen@yahoo.com

## ئەنفلۆنزای ئیسلام ی جەلال رەئوف و وەلامی موحسین شوانی.... ... ئارام یاسین

هەموو کەسێك ئازادە لەوەی چ دەنوسێ و چۆن بیر دەکاتەوە، بەڵام بە مەرجی ئازادی من لە ئازادی بەرامبەرەکەم کەم نەکاتەوە. ئەگەر کەم کردنەوەیەکیش هەبێت ئەوا پێویستە لە سەر رازی بوونی کەسی بەرامبەر بێت. من هەردوو بابەتی ئەو بەرێزانەم خوێندەوە، تا رادەیەك لەگەڵ بیرو بۆچوونەکانی بەرێز (جەلال رەئوف) دام، منیش پێم وایە ئەمرۆ ئیسلام بوویتە ئەنفلۆنزا، جا خۆزگەم بە ژیانی ئەو کەسەی کە تووشی ئەم ڤایرۆسە نەبێت.



کاك موحسین شوانی هەر لە سەرەتای وەلامەکەی بۆ کاك جەلال بە ئایەتی (بە هیچ جۆرێك زۆر کردن لە ئاین نییە (بۆ هاتنە ناو ئیسلام) چونکە بەراستی لەیەك جیا کراوەتەوە رێنمووی و شارەزایی لە گومرای و سەرلێشێواوی) وەلامی کاك جەلالی داوەتەوە. بەرای من ئەوە یەکێکە لە ئایەتە جوانەکانی قورئانی پیرۆز، بە درێژایی مێژووی ئیسلام لە کاتی داخیل بوونی ئیسلام بۆ ناو هەر نەتەوەیەك یا هەر شوێنێك، لە سەرەتا ئەم ئایەتەیان بەکار هێناوە، کە لە شێوەی کەبسوولەکی جوان دەچێت بەڵام هەمیشە ناوەخنەکەی تەژی کراوە لە گازی کوشندە بۆ لە ناو بردنی گەلان.

زۆر لە خوێنەران نوکە وا هەست دەکەن کە من کەسێکم دوور لە خوا و دووژمنی سەرەکیم ئیسلامە، بەڵام لە راستیدا من کەسێکم تا سەر ئێسقان باوەرم بە خوا هەیە و ئیسلام بە دینی خۆم دەزانم نە وەك ئەو ئیسلامەی کە ئەمرۆ بۆتە ئەنفلۆنزا. لێرە من کە باسی ئیسلامی ئەمرۆ دەکەم مەبەستم هەموو ئاینەکانە چونکە من جیاوازیەك نابینم لە نێوان ئیسلام و مەسیحی و ئێزیدی و بوزی، گشتیان یەك ئامانجیان هەیە هەر یەکەیان بە رێگای جیا هەوڵدەدەن بۆ ئەو ئامانجە.

ئاینی ئیسلام، لە سایەی سەری زانایانی ئیسلام، ئەمرۆ ئیسلام کەوتووتە ناو هەمان هەڵەی مەسیحیەت. بە توند وەرگرتنی ئیسلام و نەهێشتنی هیچ ئازادیەك و هەناسەیەك لە لایەن زانایانی ئاینی ئیسلام، وای کردووە کە ئیسلام لە دوا ساتەکانی ژیانیا بێت. لە هەموو ولاتانی جیهان ئیسلام بوونی نەماوە، ئەوەی کە مابێت لە کوردستانەکەی خومانە" ئەویش بە شێوە شێواوەکەی". راستە ئێمە گوێمان لی دەبێت و دەبینین چالاکی ئیسلام لە ولاتانی جیهان بەڵام ئەمانە جکە لە چالاکی بە عەرەب کردن هیچی تر نیە.

من لەگەڵ ئەو رایەدام کە ئەمرۆ ئیسلام بۆتە ئەنفلۆنزا، وە هەر کاتی تووشی ئەم نەخۆشیە بوویت ئەوا هەموو ئازادیەکانت لی دەسێنێت و قەبوولیشی نیە قەبوولی نەکەی. راستە من ئیسلامم بەڵام هەرگیز من ئەو ئیسلامەم ناوێت کەوا ژیانم لی بسێنێتەوە، من ئەو بەهەشتەم ناوێت رێگر بێت لە بەردەم ژیانم. بەر لە من بە دەرەجە یەك زانایانی ئاینی ئیسلام بەر نەفرەتی خودا ئەکەون، چونکە من باوەرم وایە خودا خۆش گوزەرانی مرۆڤەکانی دەوی. من نازانم بۆ؟ بۆ خەلیفەکان ئاساییە کە هەر یەکەیان لەگەڵ (100) ژن رابووێرن، بەڵام بۆ منێك وەکو گەنجێك ئەگەر پەیوەندی خۆشەویستیم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەبێت لەگەڵ کچێك ئەوا بە دەردی دوعام دەبەن. بۆم بژمێرن لە زەیدی تا سەعدی بزانە کامەیان بە لایەنی کەم لەگەڵ بیست ژن و سی ژن رایان نەبواردووە. ئەگەر ئەمرۆ ئیسلام نەبوویتە ئەنفلۆنزا کێ بەرپرسە لە وەی کە سەدەها کچ هەنە کە تەمەنی شووکردنیان بەسەر چووە و تا ئیستا تام و چێژی سیکسیان نەچەشتووە، ئەگەر ئیسلام چارەسەری هەموو نەخۆشیە کۆمەلایەتیەکانی لایە، فەرموو ئەو نەخۆشیە چارەسەر بکەن، ئەگەر نا فەرموو ئیسلام با لە ماڵ دانیشیتن و رێگە لە ئازادی تاك نەگری.
لە وانەیە ئیستا چەند کەسانێکی نەزان بێژن، باشە تۆ داوای ئازادی تاك و ئازادی پەیوەندی خۆشەویستی نێوان کور و کچ دەکەی، ئایا خۆت ئامادەی کچەکەت لەگەڵ کورێك پەیوەندی سیکسی هەبێت؟
من لێرە بە بەڵێ و نەخێر وەلامت نادەمەوە. زۆر لە مێژە زانایانی ئیسلام ئەمەیان بەکار هێناوە بۆ رێگە گرتن لەبەردەم ئازادیەکانی تاك، بۆ نموونە سی ساڵ بەر لە ئێستا زانایانی ئاینی ئیسلام، لە مزگەوتەکان، لە رۆژانی هەینی بەسەر خەلکان هاواریان دەکرد ماڵی فلانەکەس بوویتە قەحپەخانە لەبەر ئەوەی ڤیدیۆیان کریووە. کەس ناتوانی نکۆلی لەمە بکات بلێت شتی وا رووی نەداووە، کەچی ئێستا سەیر کە لە 99، 5% ماڵی زانایانی ئیسلام نەوەك ڤیدیۆ بەلکو سەتەلایت هەیە. بەو پێیە من دەلێم ئەوەی ئەمرۆ رێگە بە کچەکەی خۆی بدات کە پەیوەندی سیکسی هەبێت لەگەل کورێك ئەوە دلنیا بە پاش سی ساڵی تر دەبیتە زانایەکی ئاینی رێك و پێك.
من پێم وایە دین داری پەیوەندی نیوان تاك و خودایە. کەسێك ئەو ماقەی نیە بێت ئینە و مینەی بۆ زیاد بکات و ژیانم لی تاڵ بکات، هەر ئەو ئینە و مینەیە بوو کە ئەمرۆ بوویتە نەهێشتنی ژیانی خەلکی و چەندین تاوانی کوشتن و سەربرین و کاول کردن و لەناو بردنی کۆمەلگای مرۆڤایەتی لی کەوتووتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.